# وانەکانی جوانکاری و مۆدی جلوبەرگ



لە بواری جوانکاری و مۆدی جلوبەرگدا چەند هەنگاوی سەرکەوتوو هەن، ئەوەندەش هۆکاری هەڵە هەن، کە جوانیی لەشولار و ستایل دەشێوێنن. هەموو خانمێك حەزدەکات جلەکەی شیك و نایاب بێت لە جوانیدا، ئەگەرچی هەندێ لەکچان و ئافرەتان بە جوانی و شارەزایانە جلەکانیان هەڵدەبژێرن و دەزانن چی جوانە لەگەڵ جەستەیان دەگونجێت، بەم چەشنە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بۆ خۆیان بەدی دەکەن، هەر بۆیە پسپۆڕانیش چەندین وانەیان بۆ خانمان ئامادە کردووە، تا سوود لەم وانانە وەربگرن بۆ زیاتر شیککردنی جلوبەرگ و ستایلەکانیان:

پشتێن: ئێکسسوارێکی گرنگە لە جوانیدا، سەرنجڕاکێش و نایابە، دەتوانی لەگەڵ هەموو جلێك لە پشتی خۆتی بکەیت، بەتایبەت لەگەڵ تەنوورە و پانتۆڵ و عەزی.

پێڵاوی وەرزشی: کەرەستەیەکی دیکەی گرنگە، لەشولارت ناسك و وردتر دەردەخات، دەتوانی لەگەڵ زۆربەی کەرەستەکان لەپێی بکەیت.

دووگمەی کراوە: کاتێك قەمیس لەبەر دەکەیت، یان ئەو جلانەی دووگمەیان زۆرە، دەتوانی بەشێك لە دووگمەکانیان بکەیتەوە، تا بە سرووشتی و ئاسایی دەربکەوێت.

جلی ڕەنگی سرووشت و گیانداران: چەندین جۆرە جل لەسەر ڕەنگ و نەخشی گیانداران دەنەخشێنرێن، لەوانە، نەخشی پڵنگ، ڕەنگی ئاسك و سرووشت و باڵندەکان.

قوماشی نەخشێنراو: جلێکی نایابە لە جوانیدا، سەرنجڕاکێشە لە پێکهاتەدا، دەتوانی لە کاتەکانی ڕۆژانەدا لەبەریان بکەیت و جێگەی سەرنجن.

تیشێرت و قەمیس: دوو جلی ناسکن کە جەستەت زیاتر ناسك و گەشاوەتر نیشان دەدات، بەتایبەت کە تیشێرت و قەمیسەکەت لە ڕەنگی سپی، یان هەر ڕەنگێکی دیکە دەبێت.



# کەرەستەکانی ماکیاژت بپارێزە

کاتێك هاوڕێ و دەستەخوشکەکانت سەردانت دەکەن، یان کاتێك خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ، بەهۆی پەلەپەل لە کاتی ماکیاژکردندا، هەر کەرەستەیەك بکەوێتە بن دەستیان بەکاری دەهێنن و ناشزانن ئەوە کاریگەری خراپی لەسەر روخسار و ماکیاژەکەش دەبێت، چونکە هەندێ لەو کەرەستانە هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی بەکتیریا و ڤایرۆس، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، کاریگەریشی راستەوخۆ دەبێت، بۆ نموونە زۆر جار دەبینی کە دوای بەکارهێنانی کەرەستەی کەسێکی دیکە، شوێنی ماکیاژەکە سوور دەبێتەوە، یان تووشی زیپکە و خاڵی رەش و وردە زیپکە دەبێتەوە، بۆیە نابێت هەموو کەرەستەیەك بەکاربهێنیت، ئەو کەرەستانەش کە تەنیا بۆ کەسێکە و ناکرێت کەسانی دیکە بەکاریان بهێنێت، ئەوانەن: ئەو ماکیاژنەی لەناو قووتوو دەکرێن و بۆ بەکارهێنانی پەنجەی دەست بەکاردەهێنرێن، لەوانە، کرێم، ڤازلین، کرێمی چاو، بۆ ئەوانەش دەبێ بەر لە بەکارهێنانی پەنجەکانت پاك بکەیتەوە. ماسکارا، کەرەستەکی تایبەتە و تەنیا بۆ کەسێکە، کاتێك پێستی چاوی کەسێکی دیکە نەخۆش، یان بریندار دەبێ، نابێ کەسانی دیکە بەکاری بهێنن. کرێمی ئەساسیش کەرەستەیەکی دیکەیە و بەهۆی ئەوەی پەنجەی تێدەکەی و لە روخسارتی دەدەیت، بۆیە دەبێ تایبەت بێت بۆ کەسێك. کەرەستەکانی دیکەش وەك: سووراو و قەڵەمی لێو، فڵچەی ماکیاژ، فڵچەی پاککردنەوەی روخسار، کەرەستەکانی موولابردن و تاشین ئەوانەش هەموویان تایبەت بە یەك کەسن.





# چۆن برژانگت درێژتر و بەهێزتر دەکەیت؟

زۆربەی ئافرەتان بە دەست کورتی و لاوازیی برژانگەکانیانەوە دەناڵێنن، دەشزانن کە برژانگی چاوەکان، هێمای جوانی و رووپۆشی روخسارە. تۆی خانمیش کاتێك برژانگێکی درێژ و رەوانت دەبێ، چاوەکانت زیاتر دەگەشێنێتەوە و بەم چەشنەش روخسارت کراوەتر و گەشاوەتر دەبێت. هەموو خانمان هەمیشە ئاگاداری برژانگەکانیانن و بە ناسکی و وردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام وێڕای ئەو گرنگیدانەش، هەست دەکەن درێژی برژانگیان لە ئاست خواستی دڵیاندا نییە. بۆ چارەسەری ئەو گرفتە چەند مارکەیەك برژانگی دەستکردیان داهێناوە کە بە (long lashes for ever) ناسراوە، کە جگە لەوەی بۆ جوانی دادەنرێت، هەروەها برژانگیش بەهێز و درێژ دەکات. ئەو برژانگی دەستکردانە، جۆرە ماددەیەکی شلی تێکراوە، کە ناوی (بماتۆبرۆست)ە. کاتێك ویستت شلەی برژانگ، یان ماسکارا هەڵبژێریت، ئەو جۆرە دیاری بکە کە ئەو ماددەیەی تێدایە و ئەوەش برژانگت بەهێزتر و درێژتر دەکات، هەروەها هەندێ ئامۆژگاری خانمانیان کردووە، کە دەم و چاویان بە ئاوی زۆر گەرم نەشۆن، هەروەها لە کاتی ماسکارا کردندا، رەگی برژانگەکانیان بە توندی رانەکێشن و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و کەرەستەکانی ماکیاجیش شەوانە لەسەر برژانگ نەمێنێتەوە.

## کراسی بووک لە پەڕەمووچی قاز



خۆشەویستی و هەستی هەندێ لە مرۆڤ بۆ گیانداران و باڵندەکان، ئەوەندە بەرزە بە چەندین ڕێگە لاسایی دەکەنەوە، نەوەك هەر تەنیا بە دەنگ، بەڵکو بە شێوەش لاساییان دەکەنەوە. کچێکی بەریتانی و ڕەگەز چینی کە ناوی (شیریل ماکلاین)ـە، لە سەروبەندی ڕۆژی هاوسەرگیریدا بە جلەکەی لاسایی ئەو باڵەندە خۆشەویستەی کردەوە کە لە منداڵییەوە گرنگی پێدەدا. باوکی شیریل کێڵگەیەکی هەیە و تیایدا چەندین باڵندە و گیانداری ڕاگرتووە، ئەوەی شیریل حەزی پێدەکات، قازە، لە کێڵگەکەیاندا نزیکەی (٢٠٠٠٠) قازیان هەیە، شیریل بەر لە ڕۆژی زەماوەندی بیرۆکەی دروستکردنی کراسی بووکێنی خۆی لە پەڕەمووچی قازەوە بۆ هات، هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر خەریکی کۆکردۆنەوەی پەڕ و باڵی قازەکان بوو، دوای ئەوەی ئەوەندە پەڕەمووچەی کۆکردەوە، دواتر ماوەی (٤) ڕۆژ بە هاوکاری بەرگدرووێك کراسەکەی ڕۆژی زەماوەندی دروست کرد، کراسەکە لە قوماش و کەرەستەی دیکە نەبوو، بەڵکو تەنیا لە پەڕەمووچی قاز دروست کرابوو.



## کەشتییەک لە شـ

نەك تەنیا بە یەکێك لە گەورەترین کەشتیەکانی جیهان دادەنرێت، بەڵکو هەژماری وڵاتێکی بۆ دەکرێت، چونکە زۆر لە قەبارەدا گەورەیە و هەموو شتێکی تێدایە، ئەگەر چاوت دابخەن و بتخەنە سەر ئەو کەشتییە، هەست ناکەی کە ئەوە کەشتی بێت و بەڵکو وادەزانی لە نێو یەکێك لە شارەکانی وڵاتانی جیهانی، ئەو کەشتییە لەلایەن کۆمپانیای (ریجینت) دروست کراوە، بڕی (٤٥٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە. شوێنی (٧٥٠ تا ١٠٠٠) گەشتیار دەبێتەوە، ئەو

## فیستیڤاڵی گوڵ

یەکێکە لە گەورەترین فیستیڤاڵەکانی جیهان کە ساڵانە لە وڵاتی هۆڵەندا سازدەکرێت، تایبەت بە گوڵ و هەزاران جۆرە گوڵ لەو فیستیڤاڵەدا نیشان دەدرێن، وەك پەیامێك لەوەی هۆڵەندا بە وڵاتی گوڵ ناسراوە، فیستیڤاڵەکە لە گوندی (دیوتش) ئەنجام دەدرێت، ساڵانە بودجەکەی نێوان (٣٠٠ تا ٤٠٠) هەزار یۆرۆی بۆ تەرخان دەکرێت، نزیکەی (١٩) تیم و هەر یەکەو کاری نمایشکاری خۆی بە گوڵ دەکات، هەندێکیان پەیکەر و هەندێکی دیکەش کەرەستە و کەلوپەل لە گوڵ دروست دەکەن. شەقامی (زوندێرت) دەبێتە نمایشگای ئەو فیستیڤاڵە، سەرەتا ئەو فیستیڤاڵە لە ساڵی (١٩٣٦) کراوەتەوە، ئەمساڵ دەبێتە (٨١)ـەمین فیستیڤاڵی گوڵ، کە ئەو شوێنە گوندی لە دایکبوونی گەورە وێنەکێشی هۆڵەندی (ڤان کۆخ)ـە، بۆیە وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەو وێنەکێشە، ساڵانە لە گوندەکەی ڤان دۆخ فیستیڤاڵەکە سازدەکرێت، زیاتر لە (٥٠٠٠٠) کەسیش بەشداری فیستیڤاڵەکە دەکەن.





## ـــــــێوەی شارێک

کەشتییە ناوی (کەشتی ٧ دەریا the Seven Seas Explorer-)یە، لەسەر ئەو کەشتییە هەموو لایەنێکی ژیانی ڕۆژانە تیادا بەدی دەکرێت، لەوانە (مەلەوانگە، شانۆ، بنکەی تەندروستی، سینەما، شوێنی وەرزش، هوتێل و چێشتخانە، ئەو کەشتییە لەژێر سەرپەرشتی (شازادەی مۆناکۆ شارلین) دروست کراوە و ڕووبەری ئەو کەشتییە (٤٤٤٣) پێی چوارگۆشەیە، دەتوانێت بەبێ وەستان لە هیچ وێستگەیەك بۆ ماوەی مانگێك گەشت بکات.



# پەند و وتە

- **پێرل سادینستراکیەر بوك، خانمە نووسەری ئەمریکی، لە ساڵی (١٨٩٢) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٧٣) كۆچی دوایی كردووە، دەبارەی تەمەن و مێشك و عەقڵ دەڵێ:** ئەگەرچی بە ژمارە دەزانین تەمەنمان چەندە، بەڵام ڕەنگە تەمەنی تێگەیشتن و بیركردنەوەمان نەزانین، تەنیا لە ڕێگەی ئەو هەموو ئازارانەی كاتێك ڕووبەڕووی بیری تازە دەبینەوە، دەزانین تەمەنی بیركردنەوە و تێگەیشتنمان چەندە و چۆنە.



# كاریكاتێر

- پەندێكی كوردی هەیە دەڵێ، هەر زاڵمێك زەواڵێكی هەیە، ئەو كاریكاتێرەش هەمان مانا دەبەخشێت و باس لەوانە دەكات كە خۆیان بەسەر كەسانی دیكە دەسەپێنن، بەڵام كەسانی دیكەش هەن خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.




# فێلكاری وێنە

- بیر لە وێنەی ئەو سەگە بكەنەوە، ئاخۆ چۆن لەو شوێنە وەستاوە و لە ژێرەوەی چی هەیە، ئاوە، یان چییە، هەوڵبدەن سوود لە بیرۆكەكەی وەربگرن.



# تابلۆ

- گۆڕەپانی چایخانەی شەوانە
كارێكی ناوازەی گەورە وێنەكێشی هۆڵەندی (ڤێنستنت ڤان كۆخ). كە لە ساڵی (١٨٥٣) لە شاری زوندێرتی هۆڵەندا لەدایك بووە. ئەو تابلۆیەی لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی (١٨٨٨) كێشاوە، كە لەگەڵ ئەو مانگەی ئێستادا ڕێكەوتە، باس لە یەكێك لە قاوەخانە و چایخانەكانی وڵاتی فەڕەنسا دەكات. وێنەكە بە درێژی (٨٠) سەنتیمەتر و پانی (٦٠) سەنتیمەتر كێشراوە، بە تابلۆی زەیتی و لەسەر كانڤاس دادەنرێت. ڤان دۆخ لە ساڵی (١٨٩٠) كۆچی دوایی كردووە.




## كاوڕ

هەستت قووڵە و بە وردی بیر لە لایەكانی ژیانت دەكەیتەوە، خۆت جێگیر بكە، چونكە ژیانت بەرەو باشی دەچێت ء هەست بە ئارامبەخشی دەكەیت، هەندێك لە هاوڕێكانت سەركەوتنەكانت دەسەلمێنن، كەسانی دەوروبەرت فەرامۆش مەكە و كاریگەری باشت لەسەریان هەبێت.



## گا

لەگەڵ كەسانی نزیكت بە جوانی ڕەفتار بكە و ژیانی كەس تێكەڵی ژیانی خۆت مەكە. ئەوەی لەسەرتە لەو ماوەیە جێبەجێیان بكە. كارێكی نوێت پێ ڕادەسپێرن، پێویستە بە باشی بیری لێ بكەیتەوە و بە جوانی لێی ورد ببیتەوە، چونكە ئێستا كاتەكەی گونجاو و لەبارە.




## جمك

بیركردنەوەت جوانە و كەسانی دەورەبەر لێت ڕازین، بەڵام دەبێ لە ئاستی كەسانی دیكە تێبگەیت و بزانیت ئەوەی یارمەتیت دەدات هاوسۆزی تۆیە. كەسێك كارێكی بە نییەتپاكی خۆی پێ ڕاگەیاندووی، تۆش بیری لێی بكەرەوە و بە ئەنجامێكی باشت دەگەیێنێت.



## قرژاڵ

ئەنجامی كارەكانت لەو ماوەیەدا وەردەگریتەوە و ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەوەیە كە دیاریان بكەیت. كەسانێك هەن هەست بە لووتبەرزی دەكەن و خۆیان لە تۆ بەرزتر دەبینن و وات لێدەكەن ڕاستییەكانت لێ بزر بكەن، تۆش تەنیا وەكو سرووشتی خۆت مامەڵە بكە و ڕێگەت بەرمەدە.



## شێر

ئەوەی لە مێشكتە ئێستا كاتی نییە جێبەجێی بكەی، پێویستە بۆ ماوەیەكی دیكە دوایبخە، هەستت جوانە و مەهێڵە كێشە بچووكەمان كاریگەرییان لەسەر ژیانت هەبێت، نهێنییەكانت بپارێزە و مەهێڵە كەس یاری بە ژیانت بكات، كەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە، بەڵام تۆ ڕێگەی نادەی.



## گوڵەگەنم

ماوەیەكە ماندووی و پێویستت بە پشوودانە، ئەو كاتەی خەریكی كارێكی، ئەوانی دیكە دوامەخە، كەسایەتیت بەهێزە، بەڵام پێویستیت بە كەسێكە بەرەو ژیانێكی جێگیرت ببات، هەست بە كەسانی دیكە بكە و ڕێگری لە حەزەكانت مەكە، چونكە ئێستا كاتی خۆتە.



## نوکـــــته

- جارێکیـان فرۆکەیـەك خەریـك بـوو دەکـەوت و هەمـوو سەرنشـینەکان هاواریـان دەکـرد و دەترسـان، یەکێکیان نەبێ، خۆی بێدەنگ کردبوو، هیچ قسەیەکی نەدەکرد. پێدەڵێن: بۆ وا بێدەنگی؟ ئەویش دەڵێ: خۆ فرۆکەکە ماڵی من نییە، دەکەوێت، با بکەوێت!

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ریز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

ی　ت　و　ا　گ　ب

ئاسانکاری : جۆرە ئۆتۆمبێلێکە !

# مردووەکانی هۆزی تریب



ڕێزگرتن لە مرۆڤ، چ لە ژیاندا بێت، چ مردوو بێت، گوزارشت لـە کۆمەڵگەیەکـی پێشـکەوتوو و یەکگرتـوو دەکات، ئەگەرچـی ئەوانەی لە ژیاندا نامێنن، نابێ یادیان نەکرێنەوە و پشتگوێ بخرێن، چونکـە رۆژانێـك خزمەتـی خێـزان و نیشـتمان و دەوروبـەری خۆیان کردووە، بەڵام لەلای ئەو هۆزە ئەندەنووسییە، ڕێزگرتن لە مردووانیان جیاوازە و ڕێگایەکی دیکەی هەیە. ناوی ئەو هۆزە (دانی تریب)ـە و سەرۆك هۆزەکەیان ناوی (ئیلی مابێل)ــە و گوندی (ووگی) لە ناوچەی وامینا کە دەکەوێتە رۆژئاوای هەرێمی (پاپوا نیوگەینی)، ئەو هۆزە مردووەکانیان نانێژن، بەڵکو مومیایان دەکەن و هەڵیاندەگرن، مـاوە مـاوەش نمایشـیان بۆ دەکەنـەوە، ئەو هۆزە لە سـاڵی (١٩٣٨) دۆزراونەتەوە و ساڵانەش گەشتیاران سەردانیان دەکەن.

## نافووره و ئاوڕێژه سەیرەکان



نا فـووره و ئاوڕێژەکانـی سـەر شـەقام و شـوێنە گشـتییەکان، هـەم دیکۆرێکە بۆ جوانیی شـار، هەروەها بۆ سەرنجڕاکێشـانی گەشـتیاران و خەڵکە، هەر یەکە لە شێوە و نەخشـێکدا دروست دەکرێـن، هەندێکیـان سـەرنجڕاکێش و تایبەتـن، ئەوەتـا چەندین نا فـووره هـەن لە جیهاندا کە جێگەی سەرسـامی هەموانن. لە وڵاتانی ئەمریکا و چیك و فەرەنسـا و ئەرژەنتینن زۆرن، بەڵام سەیرترین نا فووره ئەوەیە کە شێوەی تەپڵێکە بە ناوی (میلینیۆم شـیکاگۆ - millennium chicago fountain) لـە ویلایەتی شـیکاگۆی ئەمریکایە، هـەم نا فوورەیە و هەمیش دەسـووڕێت و دەنگـی لێـوە دێـت، کە بـە جوانترین و سـەیرترین نا فـووره دادەنرێـت، جگـە لەوەی سـکرینێکی گـەورەیـە و تیایدا زانیـاری و بابەتـی هەمەچەشـن بـڵاو دەکاتـەوە، هـەر یەکێـك دەتوانێت وێنەی خۆیشی وەك ڕیکلامێك بڵاو بکاتەوە.






### شایان

لەگـەڵ کێشـە و گرفـت ڕانەهاتـووی و هـەردەم کارەکانـی خـۆت بەنـرخ وەرنـاگـری. پارێـزگاری لـە کەسـایەتی و نـاوی خـۆت بکـە، لەبـواری کارەکەتـدا هەنـدێ کاریگـەری جۆراوجـۆر هەیـە، بەشـێکیان بـە شـێوەیەکی نێگەتیڤانـە بەسـەرتدا دەشـکێتەوە، بـەڵام بەهۆی بەهێزیت سەرکەوتن لێت نزیك دەبێتەوە.



### دووپشک

کەسـایەتیت بەهێـزە، هـەر بۆیـە کەسـانێك دژایەتیت دەکەن و ڕێگـەی سـەرکەوتنت لێ ون دەکەن. بە جوانی بیـر دەکەیتـەوە و ئامـۆژگاری لـە کەسـانی دیکـەش وەربگـرە، هەسـتت بەکاربێنـە بۆ ڕوانین لـە دواڕۆژت ء بـێ بیرکردنـەوە بڕیار مـەدە، کەسـێك داوای یارمەتیت لێدەکات، چونکـە تـۆ تەنیا کەسـی کە بەتـەواوی لێی تێدەگەی.



### کەوان

هەوڵبـدە هەنگاوەکانـت هەندێـك دوابخـەی، چونکە کات گونجاو نییە بۆ بڕیاردان، بۆیە پەلە مەکە و زیاتر لێکۆڵینەوە لە کێشەکانت بکە تا چارەسەری باشیان بۆ دەدۆزیتـەوە. چەنـد سـاتێکی خۆش لەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکـەت بەسـەر ببـە و وابکە هەسـت بکەن تۆش لە نێویاندا جێگەت بە نرخە.



### گیسک

هەوڵەکانـت بۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو کارەی ماوەیەکە خەریکـی، بـەردەوام بکـە و زیاتـر کاری لەسـەر بکـە، ئەرکـی خـۆت بپارێزە و کارێك مەکە پەشـیمان ببیتەوە. هەندێـك شـتت بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە ماوەیەکـی زۆرە هۆشـی داگیرکردووی. خۆت تووشی ئازاری دەروونی مەکە، گەشبین بە داهاتووت زۆر باش دەبێت.



### گۆزە

نیگـەران و دوودڵـی هیـچ ئەنجامێکـی نابێت،بۆیە دەبـێ لـەم حاڵەتانـە دوور بکەویتـەوە، هەوڵبـدە پشـوو بدەیـت، چونکـە ماندوبـوون بەسـەرتدا زاڵ بـووە. کات گونجـاوە بـۆ جێبەجێکردنـی پڕۆژەکانـت، بەهێـز بـە و هەڵسـەوە و بـە هیـچ شـتێك مەڕووخـێ، ئـەوەی لە مێشکدا بەکاریان بهێنە و سەرکەوتوو دەبێت.



### نەهەنگ

ماوەیەکە خۆت شـڵەژاندووە و کارەکانیشـت لە خۆت تێکداوە، پێویسـت ناکات ئەوەندە ڕەشـبین بیت. بڕیاری خـۆت بـدە و پەشـیمان مەبـەوە. کەمێك کاتـت تەرخان بکـە بـۆ یارمەتیدانی یـەکێ لەئەندامانـی خێزانەکەت، هەستت قووڵە و لەگەڵ ئەو کەسەشدا بەجوانی لەیەکتر تێدەگەن، خەم لە داهاتوو مەخۆ.